کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
22:07 9-12-2007 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**تورکەکە گوتبووی: لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردان مەترسن؛ چونکە زمانی یەکگرتوویان نییە. ! موحسین جوامێر**



بە دەست خۆم نییە، زۆر جار حەسوودی بە تورکان دەبەم، بە یەکێتیی نێوانیان، بە وەفا و ئەمەکیان بۆ وڵات و بەتەقدیسڕاگرتنی زمانی یەکگرتوویان، هەرچەندە وەک هەموو زمانێک دەیان، سەدان شێوە و دەقۆکی لێ کەوتوونەتەوە.. ئەگەر گەشتیک لەم سەری تورکیاوە بۆ ئەوسەری بکەیت، نابینیت تابلۆی سەر دوکانێک، ئیعلانی کۆمپانیایەک یاخود ڕێکلامێک، هەڵەیەکی ڕێزمانیی تێدا بێت یان بە دیالێکتی ناوچە نووسرابێتەوە.. کاتێ مێژووی تورک و تورکیپەروەریی وان دەخوێنرێتەوە، دەزانرێ زمانی ئەستەنبوڵی شیلەی ژیانیانە، یەک لە موقەددەساتەکانە و ناشێ دەسکاری بکرێ؛ وەلێ دەکرێ و فەرزە ـ وەک ڕوکنی دین ـ لە هەر شوێن و زەمانێکدا بلاو بکریتەوە، پێی بخوێندرێ و وەک دەقی پیرۆز لەبەر بکرێ. هیچ گومانم لەوەدا نییە، بۆی هەیە ئەگەر لە تورکیا دەنگۆیەک بۆ بڕەودان بە شێوەزارێکی دیکەی تورکی بکەوێتەوە یان پڕۆپاگەندەی بۆ بکرێت، ئەوە ئەو سوپایە سەدهەزارییەی بۆ باشووری کوردستان پەلکێش کراوە، بۆ لەنێوبردنی ئەو فەرتەنەیە؛ پاشەکشەی پێ دەکەن.

لە کاتێکدا ئێمەی کورد، پاش ئەوەی زێتر لە سەد ساڵە زمانێکی یەکگرتوومان هەیە، تازە بەتازە خەریکین پڕۆپاگەندە بۆ دیالێکتان دەکەین و هەر دەڵێی لەهەموو لایەکەوە بە تفەنگی جانبێزاری عوسمانی لە گیانی زمانی یەکگرتوو بەربووینە و بە ئیمپریالیزمی سۆرانیی دادەنێین، بگرە حیزبیش بۆ دیفاع و بەرگری لە دیالێکت دادەمەزرێنین و خەباتی جەماوەریی بۆ دەکەین تا لەلای پەرلەمانەوە بە ڕەسمی دانی پێدا بنرێت، وەک چۆن دان بە تورکمانی، ئاسووری و کلدانیدا دەنرێت. ! سەمەرە لەوە دایە، سنووری داواکارییەکانیش لە وێستگەی دیالێکتێک یاخود دووان ناوەستێت، بگرە درێژەی هەیە، هەمووشی بەناوی کوردایەتی و پاراستنی زمانی دەوڵەمەندی کوردییەوە، بانگەوازی بۆ دەکەن.. یان بەوەی زمانی دایک بۆ منداڵ گونجاوترە، دەیفەلسەفێنن، بێ ئەوەی بزانن ـ یاخود دەزانن ـ کە ئەم بۆچوونە لە دنیای پەروەردەی میللەتاندا؛ ئاوڕی لێ نادرێتەوە، بگرە لە قەوچەی دەدرێتەوە.

ئەوەی خۆی بەوە دەخەڵەتێنێ گوایە بە خوێندنی شێوەزار لە دهۆک، ئەو شارە دەبێتە پردێک لە نێوان باکووری کوردستان و کوردێن باشوور، بلا دڵنیا بێت لەوەی ئەوەی ئەو بە پردی تێدەگات؛ شینەدیواری بەرلین ـە نەک پرد، سوودەجوگرافییەکەیشی هەر بە ئەندازەی خێرو بەرەکەتی شاری مووسڵ دەبێت بۆ ئاپۆرەی کوردی باشوور، تا ڕۆژی سەلایێ.

نووسەرێکی پیرەمێرد هەیە، ئەگەر ناوی خوای لە بیر بچێ، ئەوەی لە بیر ناچێ لە سەری سەرەوەی هەر بابەتێکدا بنووسێت (بەناوی کوردستانەوە) .. ئەویش دیمانەی بەخێر، لەم ڕۆژانەدا کوتەکوت قەڵەمەکەی ڕەپ کردبوو و کەوتبووە شێوەنگێڕان بۆ شێوەگەلی قەسری شیرین و کرماشان و دەیپرسی: ئەرێ زمانگەلی ئەوێ کە لە 30% زمانی کوردی پێک دەهێنن، بۆ لەلایەن سۆران و کرمانجانەوە غەدریان لێ دەکرێت. ؟!

ئێمە فێڵ لە خۆمان دەکەین، ئەگەر بێژین دەکرێ وەک کورد بمێنینەوە؛ تەنانەت ئەگەر زمانیشمان جیا بێت. لەم ڕۆژانەدا، بابەتێکم لە گۆڤاری بزاودا بینی، لە ژێرەوەیدا نووسرابوو: گۆڕینی لە کرمانجییەوە: تاریق.. ئاخۆ ئەمە چی دەگەیەنێت، ئەی کاتێ بابەتێک لە عەرەبی یان لە سوێدی یان لە تورکییەوەش دەکرێ بە کوردی؛ هەر هەمان کرداری گۆڕین دەخۆ ناگرێت. ؟!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کەم تا زۆر، چونکە ئێستە تورک زێتر دڵنیان لەوەی کورد چەرخی زمان لە خۆ وەردەگەڕێنن، لەزگە تلی پێ بدەن و ئەوجا بەرەو زمانگەلان و پاشان نەتەوەگەلان بچن، بۆیە ئەوەندە بۆ شەڕکردن لەگەڵ کورداندا و خۆخستنە ناو زۆنگاوی خوێنەوە؛ سەرگەرم نین.. چونکە ئەگەر ناوچەیەک بە دیالێکتێک و ئەوەی دیکە بە دیالێکتێکی دیکە و ئەوانی دیکەش ـ سەبارەت بە دێمۆکراتییەتی 24 عەیاری کوردان ـ بە دیالێکتگەلی دیکە، بئاخفن، بپەیڤن، بێژن، برێن، بڵێن، خەبەر بدەن، قسە و قسیە بکەن، هاوکات ئەلفوبێشیان یەک نەبێت.. ئا ئەوسا تورک چ حەوجە بەوە دەکا نیگەران بن، ڕۆڵەی ناسک و نازداری خۆیان بەکوشت بدەن و دڵی خەڵکی خۆیان سوار و پڕ ناسۆر بکەن.

هیچ چار نییە، بەر لەوەی ڕۆژێکی نسکۆدارمان بەسەردا بێت، تێیدا کورد ببن بە گەلان، دەشێ تەنیا برەو بە زمانی یەکگرتووی هەمانە، بدرێت، لەپاڵ دەوڵەمەندکردنی بە شێوزارەکانی دیکە، هاوکات قەدەغەکردنی بانگەواز بۆ لەهجان و دەرزوەرگرتن لە تورکان.. هەروەها بڕیاردان بە گشتاندنی ئەلفوبێی باشوور لە سەرجەمی وڵاتدا، ئەمەش هەم لەگەڵ بارو مێژووی ناوچەکەدا دەگونجێ و هەمیش کەسایەتییەکی بە ئیمتیاز ـ بەتایبەتی ـ دەداتە کوردی تورکیا و یەکگرتووترمان دەکات؛ ئەگەرنا ـ خوانەخواستە ـ قسەی قارداشە ڕۆشنبیرەکە کە دەفەرمێ: لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردان مەترسن، چونکە زمانی یەکگرتوویان نییە. ! دێتە جێ.

06/12/2007

mohsinjwamir@hotmail. com

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.